ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**پەڕەی ڕێکلام ( فۆتۆشۆپ ) ...**

نووسەر: @:

ئەمڕۆ ڕێکلام هەموو جیهانی گرتۆتەوەو هەر کەس و شوێنێک و کۆمپانیایەک بە شێوەیەکی تایبەتی پرۆپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن جا چ لە ڕێگای TV یان ئینتەرنێتەوە بێت ، جۆرێکی تریش وەک لای هەمووان ئاشکرایە بە شێوەی پەڕەی کاغەز لە شوێنە گستییەکان هەڵدەواسرێن.

بۆ ئەوەی چی تر ئەوەندە لامان گران نەبێت کە چۆن ئەمانە دروست دەکرێن و دەڕازێنرێنەوە و هەستی بینەر دەبزوێنن، لە دوای ئەم بابەتە دەتوانی خۆت ڕێکلامە دروست بکەیت بە پرۆگرامی بەناوبانگی وەک ( فۆتۆشۆپ ) ..

1. پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە بە پانی 600 و بەرزی 800 .

2. بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی ، لاکێشەیەک بکێشە بەو شێوەیەی لە وێنەکەدایە :




3. چینێکی نوێ دروست بکە و پەنجە بنێ بە ctrl+shift+I بۆ دیاریکردنی چواردەوری پەڕەکەو پاشان ڕەنگی بکە بە ئامرازی ڕەنگ کردن بەهەر ڕەنگێک بێت کە خۆت ئارەزووت لێیەتی ، من لێرەدا ئەو ڕەنگەم هەڵبژاردووە کە ئەمە کۆدەکەیەتی (#970614) :




4. لەسەر تەختە کلیلەکەی بەردەستت دەست داگرە سەر کلیلی Ctrl وە لەهەمان کاتدا کرتەیە بکە سەر چینی چوارچێوەکە و پاشان ctrl+shift+I داگرە بۆ دیاریکردنی بەشی ناوەوەی چوارچێوەکە.

5. دووبارە چینێکی نوێ درووست بکە و پاشان لە لیستەی Edit > Stroke هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ گۆڕانکارییەکان :




6. دووباره لەسەر تەختە کلیلەکەی بەردەستت دەست داگرە سەر کلیلی Ctrl وە لەهەمان کاتدا کرتەیە بکە سەر چینی چوارچێوەکە و پاشان ctrl+shift+I داگرە بۆ دیاریکردنی بەشی ناوەوەی چوارچێوەکە .

7. بڕۆ بۆ لیستەی Edit > Stroke هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ گۆڕانکاریيەکان :




8. دوای ئەو گۆڕانکاریيانە دەگەينە ئەم ئەنجامە و بەشی چوارچێوە تەواو دەبێت :




9. پاشان ئەو وێنەیە بکەرەوە کە ئارەزووت لێیە و بیخەرە ناو چوارچێوەکە:




10. نووسینێک بنووسە لەسەر وێنەکە کە بگونجێت :




11. چینێکی نوێ درووست بکەو بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی لاکێشەیەکی بچووک لە ناو وێنەکە درووست بکە و نوسینێک بنووسە تێیدا ، پاشانیش پەنجە بنێ بە دوگمەی Ctrl+Eبۆ لکاندنی هەردوو چینەکە.




12. Ctrl + T داگره و ئەو لاکێشەیەی درووستمان کردووە بجووڵێنەو لە هەر شوێنێک کە ئارەزوومان لێیە دای دەنێین :




13. دەتوانین نوسینی تر بنووسین زیاتر و شێوازێکی جوانتر ببەخشین وەک لەم وێنەیەدا دیارە :




14. دەتوانی {کـــرتـــەی ئـــێـــره} بکەیت بۆ بینینی وێنەی کۆتایی .

کـــــــۆتـــــــایـــــــی

---

Oct 2005 31

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت